CARP
COVID 19 Adaptation
and Recovery Pilot

# دەربڕینی ئارەزوولێکردن

## تاقیکاری گونجاندن و چاکبوونەوەی کۆڤید (**CARP**) عێراق

### هاوبەشانی پشتگیرییە هاوبەشەکانی وەبەرهێنان

GIZ ئەم دەربڕینەی ئارەزووی (EIO) بۆ هاوبەشانی پشتگیرییەکانی وەبەرهێنانی هاوبەش (CI Grants) بۆ پڕۆژەی تاقیکاریی گونجاندن و چاکبوونەوەی CARP) (COVID-19 دەردەکات.

بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڤید-١٩ لە عێراق جەخت لەسەر کەرتی تەندروستی و تایبەت دەکاتەوە و هەوڵەکانی وڵات لە بەرەنگاربوونەوەی هەژاریدا دەگەڕێنێتەوەبۆ بۆ دواوە. سنووردارکردنی جوولە، فشارەکانی نەختینەیی و نادڵنیایی کاریگەری وێرانکاری لەسەر بژێوی کەرتی تایبەت هەبووە، بەتایبەتی بۆ کۆمپانیا دانەمزراوەکان و هەروەها کۆمپانیا دامەزراووە بچووکەکان.پڕۆژەی تاقیکاریی گونجاندن و چاکبوونەوەی CARP) (COVID-19: پاڵپشتیکردنی خۆڕاگری کۆمپانیاکان، دەستڕاگەیشتن بە دارایی و گەشەکردن لە عێراق ئامانجی پاڵپشتیکردنی خۆڕاگریی کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان ("MSMEs") و بەردەوامیی ناوەندەکانیان لە دوای پەتای کۆڤید-١٩. پڕۆژەکە تیشک دەخاتە سەر بوژانەوەی کۆمپانیا بچووک و ناوەندەکان لە کاریگەرییەکانی کۆڤید-١٩ لە لایەک لە هەمان کاتدا بناغە بۆ بەرنامەیەکی گەشەسەندنی زۆر گەورەتر لە لایەکی دیکە لە دەوری گشتگیری دارایی و ڕێوشوێنی پشتیوانی لە کۆمپانیا بچووک و ناوەندەکان دادەنێت.

ئەم پێکهاتەیە یەکەم پشتگیری لە فریاگوزاری دەستبەجێی کەرتی دارایی بچووک دەکات لە عێراق، لەوانەش خاوەن بزنسە بچووکەکانی فەرمی و نافەرمی کە زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە.دوو کار و چالاکی سەرەکی لەبەرچاو دەگیرێن: (I) پشتگیری نەختینەیی کورتخایەن بۆ کەرتی نافەرمی لە ڕێگەی بودجەی ڕاستەوخۆ بۆ MFI شایستە لە شێوەی پشتگیری دارایی، و (II) پشتگیریکردن لە بانکی ناوەندی عێراق (CBI) بۆ پەرەپێدانی ڕێنماییەکانی NBFI، دامەزراندنی و بەکارهێنانی یەکەیەکی NBFI لە بانکی ناوەندی عێراق (CBI) بە گرنگیدان بە بەهێزکردنی ژێرخانی دامەزراوەیی.

پێکهاتەی دووەم ئامانجی پشتگیریکردنە لە بەهێزکردنی کەرتی SME لە عێراق، بە گرنگیدان بە بزنسە بچووک و گەشەسەندووەکان (SGBs).دوو کار و چالاکی سەرەکی لەبەرچاو دەگیرێن: (I) بەرزکردنەوەی تواناکانی SME و خۆڕاگرییان لە ڕێگەی فێربوونی هەمەچەشن، کۆبونەکان، و پشتگیرییە هاوتاکان، و (II) بەکارهێنانی وەبەرهێنانی تایبەت لە کۆمپانیا بچووکەکانی عێراق لە ڕێگەی ژینگەی پشگتیری دارایی . یارمەتییەکانی CI بەشێکن لە پێکهاتەی لاوەکی 2.2.

پڕۆژەی CARP دارایی لەلایەن بانکی نێودەوڵەتی بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان (بانکی جیهانی)ەوە دابین دەکرێت و لەلایەن GIZ بە نوێنەرایەتی وەزارەتی دارایی عێراقەوە جێبەجێ دەکرێت.

خەرجکردنی ئەو یارمەتییە مەرجدارە بە بەردەستبوونی ئەو پارەیەی لە وەزارەتی دارایی عێراقەوە وەربگیرێت.

ئەم بەڵگەنامەیە ئەو پێداویستیانە دەخاتە ڕوو کە هاوبەشە ئارەزومەندەکان دەبێت دابینی بکەن بۆ ئەوەی بە ئەگەرێکی زۆرەوە بانگهێشت بکرێن بۆ ئەوەی ببنە هاوبەشی وەبەرهێنەر بۆ پشتگیرییەکانی هاوبەشی وەبەرهێنان.

### پشتگیرییە هاوبەشەکانی وەبەرهێنان

پشتگیرییەکانی وەبەرهێنانی هاوبەش (CI Grants) بودجەی تەواوکەر دابین دەکات بۆ ستارتئپەکان و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان (SMEs) کە توانای کۆکردنەوەی زۆربەی خولێکی وەبەرهێنانیان هەیە لە وەبەرهێنەرانی تایبەت وەک وەبەرهێنەرانی فریشتە یان VCs، (بە کۆی گشتی بە "هاوبەشانی پشتگیری CI")، هەروەها بۆ وەبەرهێنانە نوێیەکانی عێراق کە لەلایەن وەبەرهێنەران و تیمەکانی خاوەنکارەوە دامەزراون (بە کۆی گشتی بە "سودمەندانی پشتگیری CI" ناودەبرێن). زۆرترین بڕی یارمەتییەکان کە بەپێی ئەم بەرنامەیە دەدرێت 250,000 دۆلارە، بە مەرجێک کە بڕە پارەی یارمەتییەکە لە 3/1 (یەک لەسەر سێ)ی کۆی خولی پارەدان زیاتر نەبێت. ئامانج لەم یارمەتییانە دابینکردنی بودجەی زیادە دەبێت- لەوە زیاتر کە وەبەرهێنەران ئامادەن بیکەن- کە یارمەتی کۆمپانیاکانی قۆناغی سەرەتایی دەدات گەشە بکەن لە هەمان کاتدا هاندانی وەبەرهێنانی تایبەت. بەرنامەی CI Grant ئامانجی ئاسانکاری و کاتالیزەکردنی وەبەرهێنانە لە بزنسە بچووکەکانی عێراقدا لەڕێگەی پێشکەشکردنی میکانیزمی هاوبەشکردنی مەترسی بۆ وەبەرهێنەران، کە ڕەنگە بەهۆی ناهاوسەنگی زانیارییەوە دوودڵ بن لە وەبەرهێنان لە بازاڕی عێراقدا.

پشتگیری دارایی کراوە لەلایەن:

صندوق الاصلاح والتعافي واعادة اعمار العراق
IRAQ REFORM, RECOVERY & RECONSTRUCTION FUND

جێبەجێ دەکریت لەلاین:

giz Deutsche Gesellschaft für Internationale Zusammenarbeit (GIZ) GmbH

هەرچەندە هاوبەشەکانی یارمەتییەکانی CI خۆیان هیچ پارەیەک لە ژێر ئەم بەرنامەیەدا وەرناگرن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سوودمەند دەبن لە کەمکردنەوەی مەترسییەکان کە لە شێوەی بودجەی یارمەتییەکان پێشکەش بە وەبەرهێنەرانیان دەکرێت.

بۆ دۆزینەوەی کۆمپانیا سودمەندەکانی CARP، CI Grant هاوبەشەکانی وەبەرهێنان دیاریکراو(هاوبەشانی CI ی شایستە) کە ئامانجەکانی وەبەرهێنانیان لەگەڵ پرۆگرامەکەدا هاوتەریبە، دەستنیشان دەکات و کار لەگەڵ دەکات. هاوبەشە شایستەکانی CI لەوانەیە تۆڕەکانی وەبەرهێنەری ناوخۆیی یان نێودەوڵەتی/سندووق/وەبەرهێنەر بن.هاوبەشە شایستەکانی CI دەتوانن کۆمپانیاکان بۆ یارمەتییەکانی CI کاندید بکەن و لە کاتی پرۆسەی وەبەرهێناندا پلەیەکی بەرزی متمانەیان دەبێت کە یارمەتییەکانی CI بەردەست دەبن بۆ تەواوکردنی خولەکانی پارەدان. GIZ یاداشتێکی لێکتێگەیشتن لەگەڵ هاوبەشە شایستە هەڵبژێردراوەکانی CI واژۆ دەکات. ئەم جۆرە هەڵبژاردنە ڕێگە بە وەبەرهێنانەکانی وەبەرهێنەرانی هاوبەشە شایستەکانی CI دەدات واتە سودمەندانی داواکاری پێشکەش بە یارمەتی CI بکەن. سودمەندانی یارمەتی CI هێشتا پێویستیان بە جێبەجێکردنی مەرجەکانی شایستەیی دەبێت، داواکارییەکان پێویستە بە تەواوی پێشکەش بکرێن، و پارێزبەندییە ستانداردەکانی WB و پرۆسەکانی باوەڕپێکراو پەیڕەو دەکرێن.

## کەمترین پێوەرەکانی شایستەیی بۆ هاوبەشی CIی شایستە

- هاوبەشەکانی CI لەوانەیە تۆڕەکانی وەبەرهێنەر/سندوقی/وەبەرهێنەرانی ناوخۆیی یان نێودەوڵەتی بن.
- هەر بەرنامەیەکی وەبەرهێنان/سندووقێک کە یارمەتی پەرەپێدانی توانا وەربگرێت، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی وەک هاوبەشێکی CIی شایستە دەستنیشان دەکرێت.
- هاوبەشەکانی CI لەوانەیە ئەو کەسانە یان دامەزراوانە لەخۆ نەگرن کە 'بەرکەوتووی سیاسی'ن، و/یان بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکار، بەڕێوەبەر یان خاوەن پشکەکانیان هەیە کە پۆستی سیاسی عێراقیان هەیە یان بەرپرسی حکومەتی عێراقن.

## پرۆسەی هەڵبژاردن

بڵاوکردنەوەی داواکاری بۆ بەرژەوەندی

پێشکەشکردنی بەڵگەنامە و پرسیارنامە

پێداچوونەوە بە بەڵگەنامەکان لەلایەن GIZ، پسپۆری تەکنیکی

ئەگەر تەواو نەبوو، داواکار دەتوانێت کەرەستەی ونبوو پێشکەش بکات

پاشخانی باوەڕپێکراو

ڕەتکرایەوە

GIZ هاوبەشەکان ئاگادار دەکاتەوە

GIZ یاداشتنامەیەک لەگەڵ هاوبەشەکەی واژۆ دەکات

هاوبەشەکان لەگەڵ ستارتئەپەکان پەیوەندی دەکەن

ستارتئەپەکان  داوای یارمەتییەکانی CI دەکەن و پرۆسەکە پەیڕەو دەکەن

## سکرینکردنی شایستەبوون

GIZ پێداچوونەوەی سەرەتایی بە داواکارییەکانی هاوبەشەکانی پشگیری هاوبەشی وەبەرهێنان ئەنجام دەدات بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی کە زانیاری و ماددە پێویستەکان بە تەواوی پێشکەش کراون – هەروەها شایستەیی گشتی داواکار.

ئەو داواکاریانەی کە لە سکرینکردنی شایستەیی دەردەکەون هەڵسەنگاندنێکی سەرەتاییان بۆ دەکرێت بۆ دەستنیشانکردنی مەترسییە ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەکان و دانانی ڕێوشوێنی کەمکردنەوەی گونجاو بۆ چالاکییەکانی پڕۆژەکە، لە شوێنی پێویستدا. هەڵسەنگاندنەکە لە ڕێگەی لیستی

پشکنینی سکرینکردن بۆ داواکاران (هاوپێچی ٣) و لیستی دەرکردنی پڕۆژەی CARP (هاوپێچی ٥) ئەنجام دەدرێت، کە کۆمپانیای داواکار پێویستە وەک بەشێک لە پرۆسەی داواکاری تەواو بکات.

## خاڵەکانی بۆ ڕەچاوکردن و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن

چاوەڕوان دەکرێت وەڵامدەرەوەکان ڕوونکردنەوەیەک بنووسن سەبارەت بەوەی کە چۆن دەتوانن مامەڵە لەگەڵ هەریەکێک لەم بوارانەی کە لەلایەن GIZەوە گرنگن، کە بەکاردەهێنرێت بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە ئایا داواکارەکە هەڵدەبژێرێت:

- توانای دابینکردنی تیمی داواکاری پیشەیی ڕاهێنراوی باش.
- تۆمارکردن/مۆڵەتی یاسایی لە عێراق بۆ ئەنجامدانی ئەو پلانەی وەبەرهێنان کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە
- سەرچاوەی دارایی پێویست بۆ ئەنجامدانی کارەکە
- سیڤی وێناکردنی ئەو کەسانەی کە لە ستافەکەدان، یان لەبەردەستی کۆمپانیاکەدان، کە دەتوانن پلانی وەبەرهێنان ئەنجام بدەن.
- وەسفەکانی ئەدای ڕابردوو کە ئەزموونی پەیوەندیدار لە گەیاندنی کاڵا/خزمەتگوزارییە پێویستەکان بۆ ئەژمێری کۆمپانیاکان نیشان دەدەن

بۆ ئەوەی پێشوەختە هەڵبژێدرێیت، وەبەرهێنەران دەبێت داواکارییەک پێشکەش بە CARP بکەن کە ئەمانەی خوارەوە بخاتەڕوو:

| | | |
|---|---|---|
| پاشخانی ڕێکخراوەیی | وەبەرهێنەری دامەزراوەیی / VC<br>• ناوی دامەزراوە و زانیاری پەیوەندی.<br>• بەڵگەنامەکانی تۆمارکردن (بۆ بەڕێوەبەری سندوق و توانای وەبەرهێنان) | وەبەرهێنەرانی فریشتە / گرووپ<br>• ناوی گرووپ و زانیاری پەیوەندی.<br>• بەڵگەنامەیەک کە دۆخی بازرگانی گرووپەکە دەخاتە ڕوو (LLC، خێرخوازی، هاوبەشی و هتد).<br>• سیڤی/بایۆی وەبەرهێنەران<br>• کۆپی ڕێکەوتنی ئەندامێتی، ئەگەر بەردەست بێت.<br>• مێژووی وەبەرهێنانەکان:<br>• پۆرتفۆلیۆی ناوی کۆمپانیاکانی و بەرواری وەبەرهێنانەکان.<br>• بڕی وەبەرهێنان. |
| ڕێگەی وەبەرهێنان | • تێڕوانینێکی گشتی بۆ تێزی ستراتیژی وەبەرهێنان (کەرت، قۆناغ، ستراتیژی دەرچوون، بۆ نموونە). | |
| بنکەی وەبەرهێنەران، بەپێی پێویست | • ناوی تاکەکەسی وەبەرهێنەران (گرووپی فریشتە، بۆ نموونە)<br>• ڕیزبەندی GP/LP (سندوقی VC، بۆ نموونە) | |
| تۆماری کار | • مێژووی وەبەرهێنان/پۆرتفۆلیۆ، بەتایبەتی لە عێراق/ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست(مینا) | |

| ستراتیژی | • بەیاننامەیەکی کورت سەبارەت بەوەی کە چۆن یارمەتییەکانی CI بەکاردەهێنرێن بۆ کاتالیزەکردنی چالاکییەکانی وەبەرهێنان<br>• ئامانجی وەبەرهێنانی ٢-٣ ساڵ بۆ عێراق (# لە گرێبەستەکان، بڕی سەرمایەی وەبەرهێنراو، بۆ نموونە) |
|---|---|

## پابەندبوونەکان

GIZ ئەو تێچوونانە ناداتەوە کە لە ئامادەکردنی وەڵامێکدا تووشی بوون بۆ وەڵامدەرەوەکان، هەروەها دەرکردنی ئەم EIO GIZ پابەند ناکات بە پێدانی یارمەتی، گرێبەستی لاوەکی، یان فەرمانی کڕین. ئەگەر دەرکەوت کە داواکارێک ئیدیعا یان لێدوانی درۆ یان چەواشەکارانەی داوە، زانیاری نهێنی بەدەستهێناوە، یان یارمەتی نادروستی وەرگرتووە، GIZ مافی خۆیەتی EIO ڕەت بکاتەوە کە لەلایەن داواکارێکەوە یان بەناوی داواکارێکەوە پێشکەش کراوە.

## پاراستنی نهێنی

هەموو ئەو زانیاریانەی کە لە ژێر ئەم پڕۆژەیەدا پێشکەش بە GIZ دەکرێن لەوانەش ئەو زانیاریانەی کە لەلایەن GIZ لە ڕێگەی پڕۆسەی سکرینکردنەوە بەدەست هاتوون بە تەواوی بە نهێنی دەمێننەوە و لە دەرەوەی ئەندامانی پەیوەندیدار لە هەڵسەنگێنەران، و تیمی بەڕێوەبردنی GIZ و ستافی بڵاوناکرێنەوە.

## ڕوونکردنەوە لەسەر پێشکەشکردنەکان

لەوانەیە GIZ داوا لە وەڵامدەرەوە بکات کە زانیاری زیاتر پێشکەش بکات بۆ ئەوەی باشتر حوکم لەسەر وەڵامێک بدات. پرسیارەکانی داواکار دەتوانرێت لە ڕێگەی carp@giz.de بنێردرێت بۆ GIZ

## ئاگادارکردنەوەکان

لەگەڵ وەرگرتن و پێداچوونەوە بە داواکارییەکان، GIZ هاوبەشە سەرکەوتووەکان ئاگادار دەکاتەوە، ئەگەر هەبن، کە بۆ خولی داهاتو هەڵبژێردراون.

جێبەجێ دەکرێت لەلاین:

Deutsche Gesellschaft für Internationale Zusammenarbeit (GIZ) GmbH

پشتگیری دارایی کراوە لەلایەن:

IRAQ REFORM, RECOVERY & RECONSTRUCTION FUND